# لەنێو خەونی عاشقبووندا.. پیرە منالێکی شەرمن

**زاناسامان**
Zanasaman77@yahoo.com



هەمیشە خالّی بەرکەوتن لەدەقە جوان‌و ناوازەکاندا، وادەکات کە ئیستێك بکەیت‌و بلّێیت:..ئەوەتا هێشتا لەدوای ئەو هەمووە بەناو شیعرەی کە بلاّودەکرێنەوە شاعیرانێك هەن کەنایەلّن جوانی بفەوتیٚ،کە رێنادەن بە ڕەشەبا خەونە تەڕەکان بەرەو ئەودیوی خۆی بباتو وشك وشکیان بکاتەوە لەونبووندا.

خوێندنەوەیەك تاگەیشتن بەتولە رێیەکانی وەفا.. قسەیەك بۆ وەرزە کالّو درشتەکانی ووتنەوە..شرۆڤەیەکیش بۆ ئەو دەقە ناسکەی(دلاوەر قەرەداغی) کە لەساتەکانی ئاوێتە بەمیهری نوسینەوەی دەقدا ناوی لێناوە(*جێگەی نەفەرێک ماوە/ سەرکەوە/ دەگەرێینەوە بۆ بوخارا*) دەکەم‌و پێش فەنابوون بەدەقەکەدا شتێك سلاّو بۆ(نەزەند بەگیخانی) دەنێرم‌و پێی دەلّێم بەخت باش‌و ژیان ئاسودە، کە تۆ هێندەی کارە جوانەکانت‌و بەو هەموو ناسکییەوەو دواجار لەم شیعرەی (دلّە)دا دەبیت بەو کوکوختیەی بەشانی شاعیرێکی بێدەنگەوە هێلانەی کردووە، دەکەویتە نێو ئەو دێرەی کەهێشتا زۆری ماوە بۆ ووتن، زۆری ماوە بۆ حالّیبوون لەو نهێنیەی لەژێر پەنجە شیعرییەکانی(دلاوەر)دایە.

(چەند خۆشە تۆ هەیت/ کەمانگ‌و بەردو بام دەدەیتە دەست/ يارييان پیٚ بکەم)

پێش هەموو باس‌و شرۆڤەیەکم دەمەوێت بلّێم: هێنانەوەی ئەم چەند دێرە لەو دەقەدا، ئەگەرچی دەکەوێتە نێو سەرەتاو دەستپێکی شیعرەکەوە بەلاّم هۆکار هەیە بۆ هێنانەوەی، ئەویش ئەوەیە کە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم دەقەدا راستەوخۆ تووشی یەئسێك بووم‌و بۆ ماوەیەك رایگرتم لەخوێندنەوە، بەهۆی ئەو ئیحساسە جوانەی هەر لەسەرەتاوە دەمانبات بەرەو دنیایەك لەبێگەردی‌و پێمان دەلّێت..بەوەی کە هەمیشە لەشیعردا دەیلّێم:

ئەو منالّەم کە بەردەوام وورکی زیاتر لەئەوین‌و ژیان دەگرم‌و لەو نێوەندەوە بە(نەزەند) دەلّێم.. دەزانیت چەند بەبوونت دلّشادم، ئاگات لێیە چۆن ئاوێتە بەمیهری تۆ بووم.

وەك چۆن لە دەست پێکدا دەلّێت: (چەند خۆشە تۆ هەیت)

کەواتە هەر لەسەرەتاوە خودی شاعیر دەکەوێتە بەر ئەو راستییەی کەلە زاکیرەیدا بۆ هەتا هەتایە چەسپیوەو بێباکانە دەکەوێتە نێوحالّەتی دراشتن بەشیعرەوەو پاکێتی دلّی خۆی بۆ بەرامبەر دەخاتە سەر گازەرەی پشت‌و لەنوخبەی یەکەمی دەقەکەدا خۆشحالّی خۆی بەدەر دەخات، کە دەکرێت ناوی لیٚ بنێین گەورەیی دلّە پاکەکەی(دلاوەر)،

دوو دێری دوای ئەوەی باسمان لێوە کردوو ئاماژەشم پێداوە، ئەوەیە کە شاعیر بەبوونی بەرامبەر هەمیشە منالّ دەبێتەوەو هەست بەکامەرانیەکی لە رادەبەدەر دەکات،

(کەمانگ‌و بەردو بام دەدەیتە دەست/ يارييان پیٚ بکەم)، سەلماندنی ئەو راستیەیە کە بەردەوام لە شیعرەکانی(دلاوەر)دا بەدەردەکەوێت‌و منالاّنەی خۆیمان پیٚ نیشان دەدات.

هەر دوا بەدوای ئەو چەند دێرە شیعرییە تەواوکەرەکەی ئەوەیە کەدەلّێت:(تێکیان بدەمەوەو شتی تریان لیٚ دروست کەم/ بیانکەمە/ سیٚ ورچی سپی‌و سۆلّ/ کە بەپێدەشتێکی سەوزدا خلۆر دەبنەوە) پێشتر دەلّێت کە گوایە مانگ‌و بەردو بای دەداتە دەست، دوای ئەوەش ئەم چەند وێنە شیعرییە دەکاتە تەواوکەری مەبەستەکەی، ئەو مەبەستەی کە لە ڕوانگەیەکی تری دنیابینی شاعیرانەوە، بۆی روون دەکاتەوە کە لە واقیعدا مانگ‌و بەردو بای دەداتە دەست، بەلاّم بەهۆی فەنتازیای شاعیرانەیی خۆی ئەو سیٚ شتەی کەناوی دەبات، لەرێی ئەفسانەی نوسینەکانیەوە دەیانکاتە سیٚ مەخلوقی ناسك کەناوی لێناوە(ورچی سپی‌و سۆلّ)و بەو پێدەشتەدا خلۆریان دەکاتەوە کە سەوزایی ژیان لەوێدا بەدی دەکات‌و تەڕبوونەوەی تەمەن لەو شوێنە خوازراوەدا دەبینێت.

(چەند خۆشە تۆ هەیت/ کەبە ئاودانی ئینجانەکانتەوە دەمخەلّەتێنیت/ یەك زستان...بە پاکنووسکردنی پەلکێك رێواس/ بەبژارکردنی سینیەك/ زەنگیانە لەزیخ/ قەناعەتم پێدەکەیت)

ئالەم وێنە شیعرییە خۆرسکەدا (دلاوەر) دوای ئەوەی یەکسانی دەداتەوە بە دارشتی دەقەکە بەو دێرەی یەکەمی دەستپێکو وێنەکان بەو هۆیەوە بەیەکەوە گرێ دەداتەوەو پاشان چەند قسەیەکی دی ئاو پرژێنی بەردەم مەرامەکەی دەکات ئەویش بەهۆی ئەوەی کەلە سەرەتادا دەلێت(چەند باشە) دواتر کە ئلوێتە دەبێتەوە دەلێت(چەند خۆشە)و ئیدی هەست بەیەکانگیریەکی تەواو لەو دەقەدا دەکرێت،

کاتێك دەلێت: (بە ئاودانی ئینجانەکانتەوە دەمخەڵەتێنیت) پێدەچێت مەبەستی لەوە بێت کە بەهۆی دەقەکانی خودی (نەزەند)ەوە هەمیشە بکەوێتە نێو گێژاوێك لە بیرکردنەوەی دنیا بینیە جوانو تەڕو بەپێزەکان، ئەگەرنا دێری دوای ئەوە راستەوخۆ مەبەستی لە پاکنووسیکردنی ئەم شیعرەیە کە لە ئێستادا بلاَوکراوەتەوەو وەرزێکی تەواو خەریکی ئیشکردنی شێوەکارییانە بووە لەگەڵ دەقەکەدا، ئەویش بەو مەبەستەی کەبتوانێت شتێك بە بەرامبەرەکەی بڵێت کە مایەی دڵ خۆشی بێت بۆیو لەسایەیدا بحەسێتەوەو بڵێت.. ئۆخەی کەوا توانیم ئەم دەقەم بەبەرهەم بهێنم بۆت.

(بەدیار پژانی فرینی خاڵخاڵۆکەیەکەوە/ تاپیر دەبم/ دەمکەیتە پاسەوان)

(دلاوەر قەرەداخی) لەم وێنەیەشدا بۆ بەرامبەرەکەی دەسەلێنێت کە بەدیار فرینی ئەو خاڵخاڵۆکەیەی کەباسی لێوەکردووە ئەویش دەکەوێتە فرین بەو ئاسمانە تایبەتەی کەبۆ حاڵەتە ئەویندارییەکەی خۆی دروستی کرووە، ئەمە لە ڕوانگەیەکەوە، لەڕوانگەیەکی ترەوە ئەوەیە کە (دلاوەر) دەقەکانی (نەزەند)ی هێندە لەلا ناسکو جوانە ئامادەیە تا پیربوون پاسەوانی ئەو جوانیو تایبەتمەندییانەی بکاتو بۆ هەمیشە لەژێر کاریگەریەکی ئەوتۆدا بمێنێتەوەو خاڵی وەچەرخانی شیعر لە سایەی ئەودا بدۆزێتەوە.

(چەند باشە تۆ هەیت/ وەك هەبوونی کەسێك کە بەیانیەك زوو/ بەجامێكو ماستو دوو نانی گەرمەوە/ بەکۆڵاندا تێدەپەڕێو/ ئیدی ئاو دەزێتە زاری ژیانو/ بۆنی خودا/ ئەو ناوە دەتەنێ/ وەك ئەوەی خەو ببینم)

دیارە ماهیەتی بەدەقدا چوونی (دڵە) لەم کارەی ئێستای قسە لەسەرکردندا دەبێتە فاکتەرێك بۆ شوبهاندنی ئەوی دڵخواست یاخود ئەوی مەبەستکارو تێیدا گرنگیترین بەها جوانەکانی نوسین دێتە ئارای دارشتنەوەو لەو نێوەندەدا، درك بەو نهێنیە بەرچاوو جوانبینیو ئیستاتیکیە دەدات کە خودی شاعیر کە (دلاوەر)ە لە یەکێك لە لەحزە شیعرییەکاندا پێوەی دەتلێتەوەو گیرۆدەی ئەو هیوایە دەبێت کە ئاخۆ کەسی بەرامبەر لێی تێدەگات یاخود تێناگات، کاتێك کەدەلێت:(ئیدی ئاو دزێتە زاری ژیان) واتە ئەگەر بەو ئاواتو مەبەستەی کەمن هەمەو تۆ لە تەواوی کارو کاردانەوەکانم تێبگەیت، حەتمەن کەژیان بەئاودێری خۆشبەختی دەژێتەوەو لەپشت هەر ناحەزییەك کەدەبێتە فاکتەر بۆ ناحاڵیبوونی مەبەستەکەمان تووشی لەکەداربوون دەبێتو دەکرێ بە بڕوای هەردووکمان نەیەڵین ئەو شێوەکارانە بچنە ئارای کارتێکردنەوە، یان لەشوێنێکی تردا دەلێت:(بۆنی خودا) دیارە ئەو بۆنی خودایە گوزارشتە بۆ تاوتوێکردنی ئەو ئەوینو هیوایەی کەلە نێوان هەردووك خواستراودا بوونی هەبووەو پەی بەکۆمەڵێك نهێنیو خواستی پشت پەردەیدا دەنێت،

وەکاتێك دەلێت:( ئەوناوە دەتەنێت وەك ئەوەی خەو ببینم)، لێرەشدا گوزارشتێکی تا بڵێیت تەواوکەرە بۆ بەکۆتایی هێنانی دێرو لەگەڵ ئەوەشدا سەلماندنی ئەو راستیەی کەدەبێتە پێوەندێك بۆ هاوشێوەیی کارو کاردانەوەکان لە میانەی دەقاندندا، لە نیمچە نیگایەکی ترەوە ئەوەیە کە خەوبینین دەبێتە هۆکارێك بۆ بەئامانج گەیشتنی مەرام.

(چەند خۆشە تۆ هەیت/ کەهەرجارێك سەفەر دەکەین/ بۆگەراژ لەگەڵمان دێیتو/ تالەچاوان ون دەبین/ دەستمان بۆ رادەوەشێنیتو/ بەزاری پڕ لە نوقڵەوە/ ماچمان بۆ هەڵدەدەیت)

لە نزیکبوونەوەی کۆتایی کارە رەخنەییەکەم پێمخۆشبوو کە شتێك بابەتی رەخنەیی تێدا بوایە نەك هەر بە تەنها کاری جوانو ورووژێنەر، چونکە لە راستیدا کاتێت کە دەستمدایە ئەم کارەم بەهیوای ئەوەی لەتەك جوانی کارەکەدا شتێك کاری رەخنەیشی تێدا دەربکەوێتو کاری لەسەر بکەم بەلاَم رۆچوون بەم دەقە جوانەدا کارێکی وەهای نەکرد کە لەپێش هەر کارێکەوە ناونیشانێکی رەخنەیی ئامێزی لەبارەوە بنوسم، بۆیە لەزاری پەنجەکانی خۆمەوە دەلێم: دەست خۆش دڵە گیان بۆخۆتو نوسینی دەقت، ئافەرین نەزەند کەوات کرد کارێکی رەخنەیی لەم دەقەدا نەیەتە ئارای قسە لەسەرکردنەوە ئەویش بەو راکێشانە ئەیندارییەی کەتووشی شاعیرێکی بێدەنگی شارەکەی سلەیمانیت کردووە.